# ئاگاداری

ئاگاداری گشت فەرمانبەرانی میلاکی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان دەکەین ئەوانەی کە قوتابی خوێندنی بالآن لە دەرەوەی وولآت کە خوێندنەکەیان لەسەر ئەستۆی خۆیانە, بە ووردی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری بخوێنن کە تایبەتە بە خەرج کردنی پارەی خوێندن لە دەرەوەی وولآت .

<u>تێبینی:-</u>

١- ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری ( ٣ )لاپەرەیە.

٢- بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ( ٢ )لاپەرەیە.

٣- دۆکیومێنتی پێویست ( ١ )لاپەرەیە.

٤- دۆکیومێنتەکان دەبێت بە زووترین کات ( لە ماوەی ١٠ ڕۆژ ) بۆمان بنێرن بە یەکێک لەم ڕێگانەی خوارەوە:

أ- بەڕێگای ئیمێل mazin.petros@gmail.com یان

ب- بەدەست بەڕێگای خزم و کەس وکارەکانتان.

٥- تکایە ئەم دۆکیومێنتانە بە تەواوی بۆمان بنێرن تاکوو بتوانین بە زووترین کات جێ بەجێ بکەین.

لەگەڵ ڕێزماندا.

| هەرێمی کوردستان - عێراق<br>سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی دارایی و ئابووری<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری<br>ب / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون | Kurdistan Region – Iraq<br>Presidency Council of Ministers<br>Ministry of Finance & Economy<br>General Directorate of Accounting | اقليم كوردستان - العراق<br>رئاسة مجلس الوزراء<br>وزارة المالية والاقتصاد<br>مديرية المحاسبات العامة<br>د/ الدراسات و الابحاث و المتابعة |
|---|---|---|

ژمارە: ٩ / ٤ / ١٨٨٩٠ ڕێکەوت/ ٦ / / ٢٧١٣ کوردی ڕێکەوت ٢٨ / ١٠ / ٢٠١٢

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٢٨ )

## بۆ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

## ب/ ڕێنمایی دارایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٢/

ئاماژە بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦١) لە ٢٠١٢/٩/٩ بە نووسراویان ژمارە / ٩١٧٤ لە ٢٠١٢/٩/١٩ دوا بە دوای ڕێنماییمان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٢/ ئەم ڕوونکردنەوەتان ئاراستە دەکەین کە تایبەتە بە خەرجییەکانی شایستەی قوتابی ماستەرو دکتورا کە لە دەرەوەی وڵات درێژەیان بە خوێندن داوە :.

١- ئەم ڕێنماییە تەنها ئەو قوتابیانە دەگرێتەوە کە تا بەرواری ٢٠١٢/٩/٩ بە فەرمی پەیوەندییان بە زانکۆکانیان کردووە خوێندنیان دەستپێکردووە بەبێ ڕەچاوکردنی ساڵانی خزمەت و کۆنمرەیان .

٢- خەرجی جیاوازی مووچە واتە {( ئەم بڕانەی خوارەوە) (-) کەم (کۆی ئەو مووچە و دەرماڵانەی کە وەریگرتووە) جیاوازی نێوانیانی بۆ دەدرێت} .

| گروپی وڵات | جیاوازی مووچە |
|---|---|
| أ- وڵاتە یەککرتووەکانی ئەمریکا و ئوستراڵیا و یابان و وڵاتانی ئەوروپا جگە لە قوبرس | ٢ ١٦٠ ٠٠٠ (تەنها دوو ملیۆن و سەد و شەست هەزار دینار) . |
| ب- وڵاتانی تر و قوبرس | ١ ٢٠٠ ٠٠٠ ( تەنها یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار) . |

٣- خەرجی بلیتی فڕۆکە بۆ هەر ساڵێکی خوێندن: .

| گروپی وڵات | بڕی پارە |
|---|---|
| أ- وڵاتە یەککرتووەکانی ئەمریکا و ئوستراڵیا و یابان و وڵاتانی ئەوروپا جگە لە قوبرس | ٢ ١٦٠ ٠٠٠ (تەنها دوو ملیۆن و سەد و شەست هەزار دینار) . |
| ب- وڵاتانی تر و قوبرس | ١ ٢٠٠ ٠٠٠ ( تەنها یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار) . |

٤- خەرجی چاپی تێزنامە : .

| خەرجی تێچوونی | ماستەر | دکتۆرا |
|---|---|---|
| أ- بۆ کۆلیژە زانستیەکان | ١٥٠٠ ٠٠٠ تەنها یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار | ٢ ٠٠٠ ٠٠٠ تەنها دوو ملیۆن دینار |
| ب- بۆ کۆلیژە مرۆڤایەتیەکان | ٧٥٠ ٠٠٠ تەنها حەفت سەدو پەنجا هەزار دینار | ١ ٠٠٠ ٠٠٠ تەنها یەك ملیۆن دینار |

٥. کرێ ی خوێندن واتە کرێ ی زانکۆ (٤٨٠٠٠٠٠) تەنها چوار ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار بۆ گشت پسپۆریەتیەکان و بۆ تەواوی سالانی خوێندن ، بەلام ئەگەر کەمتر بێت لەم برە ئەوا کەمترەکەی بۆ خەرج دەکرێت .

٦- کرێ ی پلیتی فرۆکە بۆ هاوسەر و مندالەکانی بە هەمان شێوەی خالی (٣) ی سەرەوە دەبێت بۆ هەر سالێکی خوێندن .

٧- خەرجی کرینی کتێب و سەرچاوە زانستیەکان بۆ تەواوی سالانی خوێندن و بۆ سەرجەم پسپۆریەتیەکان تەنها (٣٦٠٠٠٠) سێ سەد و شەست هەزار دینارە .

٨- ئەم رێنماییە ئەو قوتابیانەش دەگرێتەوە کە پێش بەرواری ٢٠١١/٦/٢٧ دەستیان بە خوێندن کردووە بەلام بەشێکی خوێندنەکەیان کەوتووەتە دوای بەرواری ئاماژە بۆ ی کراو ، خەرج کردنی شایستە داراییەکانی تەنها بۆ ئەو ماوەیە دەبێت کە کەوتووەتە دوای بەرواری ٢٠١١/٦/٢٧ .

٩- بۆ خەرجییەکانی خالی (٣و٦) ی سەرەوە بەپێ ی بەلگەنامەی فەرمی دەبێت واتە پاسپۆرتەکەیان ڤیزەی جوون و هاتنی تێدا دیاری کرابێت .

١٠- لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری قوتابی بۆ وەرگرتنی شایستە داراییەکانی پێویستە ئەم پێداویستیانەی خوارەوەی هەبێت .

أ- فەرمانی وەزاری وەرگرتنی مۆلەتی خوێندن و دەست لە کارترازانی .

ب- دەبێت قوتابی ئەو ئۆفەرەی کە وەریگرتووە لە زانکۆیەکی باوەرپێکراو بێت لە لایەن وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

ج- فەرمانی دەست بەکاربوون پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی .

د- پێویستە بروانامەکەی هاوتا کرابێت لە لایەن وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی .

١١- ئەو قوتابیانەی کە بەردەوامن لە خوێندن و خوێندنەکەیان تەواو نەکردووە بەبێ ی شایستە مامەلەیان لەگەل دەکرێت .

١٢- هەر قوتابیەك خوێندنەكەی بەسەركەوتوویی تەواو نەكات گشت مافە داراییەكانی لێ وەردەگیرێتەوە و بە پێچەوانەوە بەرپرسیار دەبێت بەپێ ی یاسا .

١٣- پێك هێنانی لیژنەیەك لە سەرجەم وەزارەت و فەرمانگەكانی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ ئەم مەبەستە و بەپێ ی فۆرمی هاوپێچ مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت .

بۆ ئاگاداریتان و كار پێ ی كردنی ... لەگەڵ رێزدا .

هاوپێچ / وێنەیەك لە فۆرمی سەرەوە كە لە (٢) پەر پێك هاتووە .

بایز سەعید محەمەد
وەزیری دارایی و ئابووری

وێنەیەك بۆ /

- سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- پەرلەمانی كوردستان - عێراق .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆكایەتی دیوان/ ف - ك - كارگێری و دارایی/ ب - ژمێریاری/ بۆ ئاگاداریتان...لەگەڵ رێزدا.
- ئەنجومەنی دادوەری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- دەستەی راوێژكاران / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر .. بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ رێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریكاری وەزارەت .. بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ رێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە / بۆ ئاگاداریتان و كاری پێویست ... لەگەڵ رێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەكانی سەر بەم وەزارەتە .. بۆ گشتاندن و كاری پێویست ... لەگەڵ رێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم / هەولێر (١و٢) / دهۆك / ١و٢و٣ ی سلێمانی /ئاكرێ / سۆران / زاخۆ / كۆیە / گەرمیان / ئامێدی / راپەڕین / چەمچەماڵ /هەڵەبجە/ بۆ زانین و كاری پێویست ... تكایە.

ی کوردستان/عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان /العراق

مجلس الوزراء

**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە (٦١) لە ٩/ ٢٠١٣/٩**

ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥) لە ٢٠١٣/٩/٩، و لەسەر بنەمای کۆنووسی پێشووی هاوبەشی نێوان حکومەت و لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان، و لە چوارچێوەی ڕێنمایی حکومەتی عێراق ژمارە ١٦٥ لە ٢٠١١/٧/٢٦ هەموارکراو بە بڕیاری ژمارە ٢٤٧٧٥ و ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١١ لە ٢٠١٢/٣/٢٦، بڕیاردرا بە:

١. خەرجکردنی موستەحەقاتی دارایی گشت حاڵەتەکانی پێشووی مۆڵەتی خوێندن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و گشت وەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێم و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت کە مۆڵەتی خوێندنیان وەرگرتووە بۆ تەواوکردنی ماستەر و دکتۆرا لە دەرەوەی هەرێم لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی ئاماژەپێدراوی سەرەوە، و تەنها هەبوونی مۆڵەتی خوێندنی ڕەسمی لە لایەنی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت بەسە بۆ سوودوەرگرتن لەم بڕیارە بە بێ ڕەچاوکردنی کۆنمرە و ساڵانی خزمەت.

٢. ئەم بڕیارە تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تا بەرواری ٢٠١٣/٩/٩ بە ڕەسمی پەیوەندییان بە زانکۆکانیان کردووە و خوێندنیان دەستپێکردووە.

٣. بۆ لەمەودوا لە دوای بەرواری ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (٢)ی سەرەوە، ڕێنماییەکی نوێ بۆ پێدانی مۆڵەتی خوێندن دابڕێژرێت بە جۆرێک کە هەر وەزارەت و لایەنێکی نەبەستراو بە وەزارەت و فەرمانگەکان بەپێی پێداویستی و لەسەر بنەمای پێداویستی بە بواری خوێندنەکە و هەبوونی پەیوەندی و گونجاویی لە نێوان پسپۆڕی و بڕوانامە و بواری کارکردن لەگەڵ بواری خوێندن، و سازدانی کێبڕکێی و ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ گشت فەرمانبەران مۆڵەتی خوێندن بدرێت و ڕەچاوی پێداویستی هەرێمی کوردستان بە بواری پسپۆڕی خوێندن بکرێت و وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار بە پلان و بەرنامە بوارە پێداویستییەکانی خوێندن دەستنیشان بکات سەرەڕای مەرجە گشتییەکانی پێدانی مۆڵەتی خوێندن هاتوو لە یاسا و ڕێنماییەکان.

٤. پێکهێنانی لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ئەندامێتی بەڕێزان وەزیرانی (دارایی و ئابووری، پەروەردە) و ڕاوێژکاری فێرکردنی باڵا لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ داڕشتنی ڕێنمایی نوێ بۆ پێدانی مۆڵەتی خوێندن بەڕەچاوکردنی گشت ئەو تێبینیانەی لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران خرانە ڕوو.

٥. راسپاردنی هەردوو وەزارەتی (سامانە سروشتییەکان و دارایی و ئابووری) بۆ دابینکردنی بوودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی (١) و (٢)ی ئەم بڕیارە، واتە خەرجکردنی شایستە داراییەکانی حاڵەتەکانی پێش بەرواری ئاماژەپێدراوی سەرەوە.

٦. هەردوو وەزارەتی (دارایی و ئابووری، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) دەتوانن ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکەن.

٧. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

# دۆکیومەنتەکان

١- کۆپی پاسپۆرت ( لاپەڕەی یەکەم کە ناو و ژمارەی پاسپۆرت دیاری کرابێت).

٢- کۆپی پاسپۆرت وەکو بڕگەیەک هاوسەر و منداڵەکان کە یاوەری بوون.

٣- کۆپی ڤیزای چوون و هاتنەوە ( خۆی و منداڵەکانی).

٤- وێنەیەک لە فەرمانی دەست بەکاربوونی لە زانکۆ.

٥- بڕی پارەی ساڵانەی خوێندن لە زانکۆ بە دۆکیمێنت.

٦- کۆپی بڕوانامەی کە بەدەست هێناوە + بڕوانامەی یەکسانکردنی , بۆ ئەوانەی کە خوێندنیان تەواو کردووە.